**بەڕێزان بەڕێوەبەرانی کوردستان نێت**

**سڵاوێکی گەرم و پڕ لە خۆشەویستی**

**ئازیزان، بەبۆنەی پێنجەمین ساڵرۆژی دەست پێکردنی تێکۆشانی کوردستان نێت پڕ بەدڵ پیرۆزباییتان لێدەکەم. هیوادارم لە تێکۆشانی داهاتووتان هەروەک تا ئێستا سەرکەوتوو بوون لەمەوبەدواش هەروا سەرکەوتوو سەرفراز بن. سایتی کوردستان نێت، سایتێکی سەرکەوتووە کە توانیویەتی لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوو خزمەتێکی دیارو بەرچاوی بە ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری کوردستانی بکات. ئەم سایتە توانیویەتی کوردستانیەکان لە بیرو بۆچون و ڕوانگە جیاوازەکان و هەواڵ و دەنگو باسی کوردستان و دەرەوە ئاگاداربکاتەوە. ئەم سایتە وەک سایتێکی کوردستانی سنورە دەستکردەکانی تێک داوەوەو پەرەپێدەری بیری کوردستانی بوە. هەربۆیە خەباتی ماندوو نەناسانەتان جێگای ڕێزو بایەخی خەڵکانی خاوەن هەڵوێست و پەرۆشی کێشەی نەتەوایەتی کوردو ڕۆژنامەگەری کوردین. خۆزگەی بەردەوامی و سەرکەوتنی هەرچی زیاترتان بۆ بە ئاوات دەخوازم.**

**دووبارە پیرۆزباییتان لێ دەکەم و ئاواتی سەرکەوتن و سەربەرزیتان لە کارو خەباتی کوردانەو ژیانی ڕۆژانەدا بۆ دەخوازم.**

**هەربژین**

**خالید عەزیزی**

**ئوستڕالیا**

Çiwarşemme 22 Gelawêj 2703